# بایەخی گەشتیاری بنەما مێژوویی و شوێنەواری و ئاینییەکان لە هەورامان بە بەکارهێنانی GIS


م.ی. شەماڵ علی مارف
بەشی گەشتوگوزار - کۆلێژی بازرگانی- زانکۆی سلێمانی

م.ی. ڕێباز لقمان مصطفی
بەشی جوگرافیا - کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان -زانکۆی هەڵەبجە

پ.ی. شیروان عمر ڕەشید
بەشی جوگرافیا - کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان - زانکۆی سلێمانی



ژمارە و بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی: ٩٠/٩/٢٧ لە ٧ /٥/ ٢٠١٩



## الملخص

ان نشاط السياحة مندمج تماما مع بقايا حياة الإنسان وحضارته، وتعد المناطق الأثرية والدينية المقدسة مواداً خامة للمقومات البشرية المتجسدة في اي منطقة سياحية، والتي بإمكانها جذب انتباه كثير من السياح اليها .

يمكن القول إن المناطق الغنية بالمصادر الآركيولوجية والدينية تعطي المجال للإنسان؛ كي يأخذ الخبرة والمؤهلة التامتين من ماضي الشعوب الأخرى، ويستمتع من معرفتهم وكيفية تعاملهم ومناظرهم الخلابة، فضلا عن خبرته بكيفية حياتهم وحالتهم المتنامية، هذا بالإضافة الى علمه الكافي بماضيهم المعمارية والهندسية للشعوب القديمة والعريقة؛ لذا أن كثيرا من السواح يبغون زيارة تلك المناطق، التي يتمتع بمنظر أثري و ديني أيضا.

إن منطقة الدراسة المرصودة على (هورامان)، تتضمن أسسا تاريخية وحضارية ودينية، التي تجذب انتباه السياح، وكذلك تصبح عاملا أساسيا للفت انتباه جم غفير من السائحين سنوياً، ومن أهم تلكم المناطق السياحية هي: ( قلعة زلم ، والجامع الكبير في خورمال، وخانقاهات الطويلة والبيارة ...والخ )؛ ولذلك كله ينبغي على الحكومة والسلطة المعنية الاهتمام الكبير بتنمية أنواع السياحة الدينية والثقافية بالإضافة إلى أنواع الأخرى من السياحة البيئية والترفيهية، كي تظل المنطقة مركزا متراميا للتكامل السياحي.



## Summary

The touristic activity is fully integrated with the remains of human life and civilization. The sacred archaeological and religious areas are raw material for the human elements embodied in any tourist area, which can attract the attention of many tourists to it.

It is possible to say that the areas rich in archaeological and religious sources give way to the human being to take the full experience and qualification of the past of other peoples and to enjoy their knowledge and how to deal with them and their stark views, as well as their experience of how they live and their growing situation, in addition to their knowledge of their architectural and engineering past of ancient and ancient peoples; So many tourists want to visit those areas, which also have an archaeological and religious view.

The study area of Hawraman includes historical, cultural and religious foundations that attract the attention of tourists. It also becomes an essential factor to attract the attention of a large number of tourists annually. The most important tourist areas are: Zellum Castle, Khurmal Grand Mosque, Etc.); the Government and the relevant authorities should therefore strictly promote the development of religious and cultural tourism as well as other types of ecotourism so that the region remains a center of tourism integration.

## پێشەکی

گەشتوگوزار لە ئێستادا بەلایەنێکی گرنگی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی زۆربەی دانیشتوانی جیهان دادەنرێت، دەتوانرێت لەڕێگەی ئەم چالاکیەوە داهاتێکی باش بۆ هەرێم و ناوچە گەشتیارییەکان دەستەبەر بکرێت بە باشترکردن و جۆراوجۆرکردنی خزمەتگوزاری و ئاسانکارییە گەشتیارییەکان ، هەروەها گەشتوگوزار لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەفاکتەرێکی کارا دادەنرێت بۆ نزیککردنەوە و لێکتێگەشتنی نێوان کلتورو دابونەریتی نەتەوە جیاوازەکان ڕۆحی پێکەوە ژیان دروست دەکات ، ئەویش بەهۆی ئەو تێکەڵبوون و کارلێکەی لە نێوان دانیشتوانی ناوچەکە و گەشتیاراندا دروست دەبێت .

گەشتیار کاتێك سەردانی ناوچەیەك دەکات ئارەزووی بینینی ناوچەکە دەکات بەسەرجەم ڕواڵەت و ڕوخسارە سروشتی و مرۆییەکانیەوە، بوونی ژمارەیەکی زیاتری بنەماگەشتیارییەکان لەهەر ناوچەیەك هانی زیاتری گەشتیاران دەدات کەسەردانی ناوچەکە بکەن، چونکە دەوڵەمەندییەکەی بەبنەما گەشتیارییە جیاوازەکان وادەکات کە خواستی ژمارەیەکی زۆرتر لە گەشتیاران دەستەبەر بکات .

دەوڵەمەندی ناوچەی هەورامان بەبنەما مێژوویی و شوێنەواری و ئاینییەکان لەپاڵ بنەماکانی دیکەی گەشەسەندنی گەشتوگوزار بەفاکتەرێکی بەهێز دادەنرێت لە ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەکە، ئەم بنەمایەنە ڕەگێکی مێژووی زۆر کۆنیان هەیە و خەڵکی ناوچەکە بەجێگەی شانازی خۆیانی دەزانن ئەمە سەرەڕای بوونی چەندین مزگەوتی کۆنی مێژوویی و خانەقا و مەزارگەی ئایینی لە ناوچەکەدا کە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیار بەپەرۆشەوە سەردانی دەکەن و خەڵکی ناوچەکەش بە ڕەمز و پێشەوای خۆیانیان دەزانن .

**-گرفتی توێژینەوە :**

هەرچەندە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەوڵەمەندە بە بنەما مێژوویی و ئاینی و شارستانییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانراوە بەشێوەیەکی زانستی پلانێکی گونجاو بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچەکەدا دابنرێت ، ناوچەی هەورامان لەڕووی ڕوڵەتە گەشتیارییەکانەوە هیچی کەتر نیە لە هەرێم و ناوچە گەشتیارییە بەناوبانگەکانی جیهانن بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە ئەم دەرامەتانە لەبواری گەشتوگوزاردا وەبەربهێنرێ.

**-گرنگی توێژینەوە :**

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە هەوڵی ناساندن و دەرخستنی بایەخی گەشتیاری ناوچە مێژوویی و شارستانی ئاینییەکانی هەورامان دەدات، تا لەڕێگەیەوە بتوانرێت ژمارەیەکی زیاتری کەشتیار بۆ ناوچەکە ڕابکێشرێت .

**-ئامانجی توێژینەوە :**

ئەم توێژینەوەیە بەو ئامانجە ئەنجامدراوە کە لێکۆڵینەوەیەکی وورد و قوڵ بۆ بنەما مێژوویی و ئاینییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بکات ، بەئامانجی بەکارهێنانیان لە گەشەپێدانی چالاکی گەشتوگوزاری لەناوچەکەدا بەشێوەیەکی گشتی و گەشتوگوزاری ئاینی و ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی تایبەت .

**-گریمانەی توێژینەوە :**

پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان گەشتوگوزاری ئایینی و ڕۆشنبیری و دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا هەیە، بەشێوەیەك دانیشتوانی ناوچەکە زۆرینەیان لە پەیڕەوانی ئاینی ئیسلامن و ئارەزووی گرنگیدان بە گەشتوگوزاری ئایینی دەکەن ، لەلایەکی ترەوە گەشەکردن و پێشکەوتنی گەشتوگوزار لە هەورامان برێکی زیاتری داهات بۆ ناوچەکە دێنێت و لەگەڵ ئەوەشدا هەلی کاری زیاتر دەستەبەر دەکات کە دانیشتوانی ناوچەکە لێی سودمەند دەبن .

**-میتۆدی توێژینەوە :**

لەم توێژینەوەیەدا سێ میتۆدی سەرەکی بەکارهاتوون ئەوانیش

١- میتۆدی وەصفی : بۆ ناساندن وباسکردنی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەکارهاتووە .

٢- میتۆدی مێژوویی : ئەم میتۆدە بەکارهاتووە بۆ دەرخستنی ڕەگی مێژوویی بنەما مێژوویی و ئاینیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە .

٣- میتۆدی شیکاری : ئەم میتۆدە زیاتر لە شیکردنەوەی جیاوازی نێوان ژمارەی دانیشتوان بەپێی ئامارە یەك لەدوای یەکەکان و سنور و ڕوبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە بەهاوکاری لەگەڵ بەرنامەی Arc GIS 10.3 بەکارهاتووە .

**-پلانی توێژینەوەکە :**

لەبەرگرنگی توێژینەوەکە دابەشمان کردووە بۆ سێ باسی سەرەکی ، بەشێوەیەك باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و باسی دووەم تایبەتە بە ناساندنی بنەما مێژوویی و ئاینییەکان و باسی سێیەمیش باس لە گرنگی شوێنە ئایینی و مێزووییەکان دەکات لە گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا .

**-سنوری توێژینەوە :ناوچەی هەورامان**

**باسی یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی زاراوە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە :**

**تەوەرەی یەکەم : ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە :**

**ئەم باسە ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەخۆدەگرێت لە لایەنەکانی سنوری جوگرافی و شوێن و ڕووبەر و دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە :**

**یەکەم: دیاریکردنی سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە:**

**هەورامان** [(*)] تاوەکو ئێستا سنورێکی کارگێڕی دیاریکراوی نیە و لایەنی حکومیش بەم کارە هەڵنەستاوە، بۆیە چەندین بیروبۆچونی جیاواز بۆ دیاریکردنی سنورەکەی هەیە [(**)]،ئەوەی تایبەتە بە ناوچەی لێکۆڵینەوە (هەورامان)

---

(*)سەبارەت بە وشەی هەورامان چەندین بیروبۆچونی جیاواز هەن لەسەرچاوەکاندا، بەڵام توێژەران دوو لەو سەرچاوانەیان لاپەسەندە: ١. جەماوەر و خەڵکی ناوچەکە. ٢. سەرچاوە مێژووییەکان، یەکەمیان دەڵێن زاراوەی هەورامان= هۆرئامان، واتە (جیاکراوە، هەڵچوو، هەڵتۆقیو، هەڵی هێنا) تاوەکو ئێستاش ئەمانە بەشێوەیەکی زیندوو و بڵاو لەنێو خەڵکی ناوچەکەدا بەکاردێن، وەك (شۆتەکە هۆرئامان- واتە شیرەکە هەڵچوو یان بەرزبویەوە)، دووەمیان دەڵێن لە وشەی (ئاهورامەزدا) وە هاتووە، چونکە ژمارەیەکی زۆر ئاتەشگای زەردەشتی لێیە و خەڵکەکەی پەیڕەوی ئەو ئاینەیان کردووە و ناوچەکەیان بە ناوی خوداکەیانەوە ناوناوە و دواتر لەسەر زمان گۆڕاوە بۆ (هەورامان)، بەلابردنی پیتی(ئا) لەپێشەوە و (دا) لە دواوەی زاراوەکە و گۆڕینی پیتی (ز) بۆ (ن) وشەکە دەبێتە هەورامان (ئاهورامازدا – ئا (هوراماز) دا - هورامان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (هەورامانی، مێژوویی ، ٢٠٠٠، ٦٠٩) و (ڕۆستەم ، ٢٠٠٨، ٢٥) .

(**)بۆ ئەم بابەتەش دەکرێت ئاماژە بۆ ئەم خاڵانە بکەین: (١) لە پەیمانی زەهاوی ساڵی(١٦٣٩) لەنێوان دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانیدا هەورامان دابەشکرا، بەشێکی زۆری هەورامان بەر دەوڵەتی سەفەوی کەوت و بەشێکی هەورامانی لهۆن کە ئێستا بەشێکە لەخاکی هەرێمی کوردستان بەر دەوڵەتی عوسمانی کەوت. (٢) دەسەڵاتدارانی هەورامان (سانەکان) لەساڵی (١٧٨٥) هەورامانیان دابەشکردووە بۆ پێنج بەش کە ئەمانەن هەورامانی(لهۆن، تەخت، دزڵی و شامیان، ڕەزاو و کەمەرە، ژاوەرۆ و گاوەرۆ). (٣) لەڕووی سروشتیەوە هەورامان دابەشکراوە بۆ دوو بەش: (ا) هەورامانی خۆرهەڵات: ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە دەکەونە خۆرهەڵاتی زنجیرە چیاکانی (سورێن، هەورامان، ڕەنگین، مڵەخورد، داڵانی، کەماجەر، نوەیجەر، شرام، تەتە، شاهۆ، دەربەندی هەجیج). (ب) هەورامانی خۆرئاوا: ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە دەکەونە خۆرئاوای ئەو زنجیرە چیایانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان بۆکرا. (٤) لە ڕووی سیاسی (ڕامیاری) ەوە هەورامان بۆ دووبەش دابەشکراوە: (ا) بەشی خۆرهەڵات: دەکەوێتە نێو سنوری ڕامیاری دەوڵەتی(ئیران)، لەبەشەکانی باشوری خۆرئاوای پارێزگای کوردستان(سنە) و باکوری

[***] (بەشی خۆرئاوای هەورامان: دیوی هەرێمی کوردستانی عێراق) دەگرێتەوە، لە ڕووی جوگرافیاوە لە: ناوەندی ناحیەی بیارە و خورماڵ و شارەدێی تەوێڵە و(٢٩) گوند لە پارێزگای هەڵەبجە پێکدێت، کە(٢٢) گوندیان لەسنوری کارگێڕی ناحیەی بیارەدایە و(٧) گوندیان لەسنوری کارگێڕی ناحیەی خورماڵدایە، نەخشەی (١).

**دووەم:. شوێنی ئەسترۆنۆمی و جوگرافی و ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە:**

١) شوێنی ئەسترۆنۆمی(گەردونی): ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی(٣٥،٠٩،٤٣)و (٣٥،٢٣،٣٧) باکور و هەردوو هێڵی درێژی (٤٦،٠٠،٢٦)و(٤٦،١١،٥٥) خۆرهەڵات، نەخشەی(١)، واتە(١٤ خولەك) بازنەی پانی و(١١ خولەك) هێڵی درێژی دەگرێتەوە، ئەم پێگەیە دەکەوێتە باشوری ناوچەی مامناوەندی باکورەوە، کاریگەری لەسەر گۆشەی کەوتنی تیشکی خۆرو درێژی شەو وڕۆژ لەناوچەکەدا هەیە، ئەمەش کاردەکاتە سەر ڕەگەزەکانی تری ئاووهەوا.

٢) شوێنی جوگرافی:- Geographical Location : ناوچەی لێکۆڵینەوە زیاتر لە شێوەی سێگۆشەیەکدایە بەئاڕاستەی باکور-باشور درێژبوەتەوە و دەکەوێتە خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەڵەبجەوە، نەخشەی (٢)، بەسنورێکی ڕامیاری نێودەوڵەتی لە باکور و خۆرهەڵاتەوە هاوسنورە لەگەڵ وڵاتی ئێران، هەردوو ئوستانی کرماشان و کوردستان(سنە) بە درێژایی(٣٧کم) کە ڕێژەی(٤٤،٠٤%) سنوری ناوچەکە پێکدێنێت (توێژەران، Arc GIS)، بەمەش دەبێتە پردی پێکەوەبەستنی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی ئێران و پارێزگاکانی هەڵەبجە و سلێمانی کە دەتوانرێت بۆ گەشتوگوزاری ترانزێت سودی لێوەربگیرێت، چونکە دەبێتە خاڵی هاتنەژورەوەی گەشتیاران، بەتایبەتی کە ئێستا دەروازەی سنوری(شۆشمێ لە تەوێڵە) بەڕەسمی ناسێنراوە و چەندین دەروازەی تری تێدایە کە دەکرێت لە داهاتوودا کار لەسەر بەنێودەوڵەتیکردنیان بکرێت وەك(مڵەخورد، سەرسیپە- دەرەی مەڕ، هانەگەرمڵە)، ئەمە سەرەڕای دەرفەتی هاتوچۆکردن و پەیوەندی بازرگانی لەنێوان ناوچەی لێکۆڵینەوە و وڵاتی ئێران، هەروەها لە باکوری خۆرئاواوە بۆ باشوری خۆرئاوا هاوسنورە لەگەڵ یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای هەڵەبجە(خورماڵ، سیروان، ناوەندی هەڵەبجە) بە درێژایی(٤٧ کم) کە(٥٥،٩٥%) سنورەکەی، ئەمەش دەرفەتی ئەوەی ڕەخساندووە کە ناوچەی لێکۆڵینەوە بتوانێت پەیوەندی بە پارێزگای هەڵەبجە و پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستان و عێراق بکات، هەروەها نزیکە لە ناوچە گەشتوگوزارییەکانی تری پارێزگای هەڵەبجە و قەزای پێنجوێن و دەربەندیخان لە پارێزگای سلێمانی، ئەوانیش شوێنە گەشتوگوزارییەکانی(چاوگ و گوڵان، ڕیشێن، سەرتەکی بەمۆ و شەمێران و دەریاچەی دەربەندیخان و بلکیان...هیتر)، ناوچەی لێکۆڵینەوە چەند تایبەتمەندییەکی ئەرێنی هەیە، وەك دوورترین مەودا لە باکور بۆ باشور( ٢٥ کم) و لەخۆرهەڵات بۆ خۆرئاوا(١٣ کم)، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە ناوچەی لێکۆڵینەوە کەوتووەتە ناو ناوچەی چیا پێچ ئاڵۆزەکانەوە چەندین دیاردەی سروشتی و سەرنجڕاکێشی تێدا دروستبووە کە بونەتە مەڵبەندێکی گرنگی گەشتوگوزاری وەك(ناوچەی دۆڵەکان، ئەشکەوتەکان...هیتر)، هەروەها ناوچەکە کاریگەر دەبێت بە درێژبونەوەی

---

خۆرئاوای پارێزگای کرماشان پێکدێت. (ب) بەشی خۆرئاوا: دەکەوێتە نێو سنوری ڕامیاری وڵاتی (عێراق)، پێکدێت لە بەشێك لە خۆرهەڵاتی پارێزگای هەڵەبجە. بۆ زانیاری زیاتر بروانە(حەمە سالح، ٢٠٠٦، ٢٧) و (محمد، ٢٠٠٥، ٣٦-٢٤) و (حمە عزیز، ٢٠١٢، ١٥٣) .

(*** ) چەند توێژەر و نوسەرێك هەندێ گوند و شارۆچکەیان وەك بەشێکی هەورامان داناوە لە نوسینەکانیاندا کە بەبۆچونی توێژەر ان ئەو گوند و شارۆچکانە هەورامان نین و دراوسێی هەورامانن، هەرچەندە هەندێکیان لە ژێر فەرمانڕەوایی سانەکانی هەوراماندا بوون و کاریگەری شێوەزاری هەورامی و کەلتور و ڕۆشنبیری هەورامانیان لەسەر بووە، بەڵام ئەمە بەڵگە نیە لەسەرئەوەی کە ئەم گوندانە بەشێك بن لەخاکی هەورامان وەك گوندەکانی(هاوار، هاوارە کۆن، دەرەتفی، گریانە، تاوێرە، نەوێ، بەردەبەل...هیتر).(توێژەران).

وەرزی گەشتوگوزاری زستانە، بۆنمونە لەکاتی داباریینی بەفر دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت بۆ ئەنجامدانی یاری زستانە و هەڵگەڕان بە چیا بەفرین و سەهۆڵیەکاندا..

دەتوانین کاریگەری شوێنی جوگرافی لەسەر چالاکی گەشتوگوزار لە دولایەنەوە ڕوونبکەینەوە :

أ) شوێنی ڕاکێشانی گەشتیاران: هەرچەندە شوێنە گەشتوگوزارییەکان نزیکتربن لە ناوچەی دەرچوونی گەشتیاران(شوێنی نیشتەجێبونی هەمیشەیی گەشتیار) ئەوا گەشتیار دەتوانێت بەشێوەیەکی ئاسانتربگاتە ناوچە گەشتوگوزارییەکان.

ب) کاریگەری شوێن(شوێنی ئەستروٚنۆمی): بەفاکتەرێکی کاریگەر دادەنرێت لە دیاریکردنی ڕواڵەتە سروشتی و مرۆییەکان، کە لەو ناوچەیەدا بوونی هەیە، وەك تایبەتمەندی ڕەگەزەکانی ئاووهەواو جۆری ڕووەکی سروشتی و ئاژەڵ و باڵندەی کێوی و جۆری خاك لەلایەك و چالاکییە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان و چۆنیەتی دابەشبوونیان لەلایەکی ترەوە ( مصطفى ، ٢٠١٦ ، ١٥ ) .

٣) . ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە: کۆی گشتی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە لەساڵی(٢٠١٩) دا بریتی بووە لە(٢١٦،٥ کم٢) و ڕێژەی( ٢٠،٩٩%) ڕووبەری پارێزگای هەڵەبجەی پێکهێناوە، لەم ڕووبەرە ( ١٣٧،٧ کم٢) لەناو سنوری کارگێڕی ناحیەی بیارەدایە کە ڕێژەی ( ٦٣،٦%) کۆی ڕووبەری ناوچەکە دەگرێتەوە و (٧٨،٨ کم٢) لەناو سنوری کارگێڕی ناحیەی خورماڵدایە کەدەکاتە ڕێژەی( ٣٦،٤ %) کۆی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە (توێژەر ان Arc GIS Version 10.3).

٤. دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە: ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی(١٩٧٧) (١٨٦٦٧کەس) بووە کە ڕێژەی(٢٠،٣٠%) دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجەی پێکهێناوە، لە ساڵی(٢٠٠٢) ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە(٢٥٦کەس) کەمیکردووە بووەتە(١٨٤١١کەس) کە ڕێژەی(٢١،٨٤ %) دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجە بووە، لە ساڵی(٢٠٠٩) بووەتە(١٧٦٠٠کەس) کە لە(١٩،٥١ %) دانیشتوانی پارێزگای پێکهێناوە، لە ساڵی(٢٠١٢)(18636 کەس) بووە و (١٨،٩١ %) دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجەی پێکهێناوە، بڕوانەخشتەی(١)، لە ساڵی(٢٠١٢) سەنتەری ناحیەی خورماڵ ڕێژەی(٦٨،٥٧ %) کۆی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەی لەخۆگرتووە، لەکاتێکدا سەنتەری ناحیەی بیارە تەنها (٢٠ %) و شارەدێی تەوێڵە(١١،٤٣ %) کۆی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەیان لەخۆگرتووە ( حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماری گوندەکان ، ٢٠١٢ ) .

خشتەی(١)

ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە و پارێزگای هەڵەبجە لەنێوان سالانی(١٩٧٧-٢٠١٢).

| شوێن | ١٩٧٧ | ٢٠٠٢ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٢ |
|---|---|---|---|---|
| ناوچەی لێکۆڵینەوە | ١٨٦٦٧ | ١٨٤١١ | ١٧٦٠٠ | ١٨٦٣٦ |
| پارێزگای هەڵەبجە | ٩١٩٣٥ | ٨٤٢٧٣ | ٩٠١٧٧ | ٩٨٥٣٩ |
| %دانیشتوانی پارێزگا | ٢٠،٣٠ | ٢١،٨٤ | ١٩،٥١ | ١٨،٩١ |

سەرچاوە: توێژەران پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی زانیاری دانیشتوان، زانیاری بلاونەکراوە.

چڕی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەبێ سەنتەری شارەکان(١٦ کەس/کم ٢) دەبێت.

نەخشەی (١)

شوێنی ئەسترۆنۆمی و شارۆچکە و گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەران بەبەکارهێنانی بەرنامەی: Arc GIS V10.3 بەپشتبەستن بە: وێنـەی دەسـتەی ڕوپێـوی جیۆلۆجی ئەمریکی(DEM 15M).

نەخشەی (٢)

شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی و هەرێمی کوردستان




سەرچاوە: کاری توێژەران بەبەکارهێنانی بەرنامەی: Arc GIS V10.3 بەپشتبەستن بە: وێنەی دەستەی ڕوپێوی جیۆلۆجی ئەمریکی(DEM 15M)، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی زانیاری و تەکنەلۆجیا GIS.

سەبارەت بەپێکهاتەی تەمەنی دانشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەبینین چینی تەمەن مامناوەند(گەنج)(١٥-٦٤ ساڵ)، بەرزترین پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدێنن کە(٦١%)، چینی تەمەن گەورە، پیر(٦٥ ساڵ و زیاتر) کەمترین ڕێژە لە ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگرێتەوە کە(٤%)، هەروەها گروپی تەمەن بچووك، منداڵ(٠-١٤ ساڵ) دووەم دەستەی تەمەنە لەکۆیی گشتی ڕێژەی دانیشتوانی ناوچەکە و(٣٥%)پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی(٢)، ئەمەش بەهۆی بەرزی ڕێژەی منالبوون کە زیاتر لەگەڵ خێزان و خوێندنگاکاندا چالاکییەکانی گەشتوگوزار و گەڕان ئەنجامدەدەن، وگروپی(٧-١٤ ساڵ) زیاتر قوتابخانەو کۆمپانیا گەشتوگوزاریەکان و سەندیکاو کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان گەشتوگوزاریان بۆ ڕێکدەخەن کەبە گەشتوگوزاری پیشەنگەکان ناسراوە ( توفیق ، ١٩٩٧، ٦٧ )

خشتەی(٢)

پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی(٢٠١٤)

| شوێن | گروپی تەمەن(%) | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| | ٠-١٤ | ١٥-٦٤ | ٦٥ ساڵ و زیاتر | |
| هەورامان | ٣٥ | ٦١ | ٤ | ١٠٠% |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، چەند نیشاندەرێکی ئاماری لەسەر پارێزگای هەڵبجە، ٢٠١٤، زانیاری بڵاونەکراوە.

**تەوەرەی دووەم: دیاریکردنی زاراوە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوە:**

لەکاتی نوسینی توێژینەوە لەسەر هەر بابەتێك چەندین زاراوەی تایبەت بەو بابەتە هەیە و پێویستە شیکردنەوەیان بۆبکرێت، دیارە زاراوەکانی تایبەت بەگەشتوگوزار زۆرن و چەندین پێناسە و شیکردنەوەی جیاوازیان بۆ کراوە، بەڵام ئێمە تەنها شیکردنەوە بۆ ئەو زاراوانە دەکەین کە پەیوەندییان بەم توێژینەوەیە هەیە ئەوانیش:

١- گەشتوگوزار: Tourism: توێژەران تا ئەمڕۆش لەسەر پێناسەی گەشتوگوزار یەك دەنگ نین، چەندەها پێناسەی جیاواز بۆ ئەم زاراوەیە بەدی دەکرێت چونکە توێژەران لەگۆشەنیگای جیاوازەوە پێناسەیان کردووە، لەفەرهەنگی ئۆکسفۆردا وشەی (Tour) بەبنچینەیی زاراوەی (Tourism) دادەنرێت، بەمانای (گەشتێکە لەماڵەوە دەستپێدەکات و هەر لەوێش کۆتایی دێت، کە لەدووتوێیدا سەردانی کۆمەڵێك جێگا دەکرێت، یاخود ژمارەیەك سەردانە لەلایەن کۆمپانیا پسپۆرەکانەوە بۆ هەندێك شوێن ڕێکدەخرێت)(Oxford dictionary ,1984,915)

ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانی (World Tourism Organization)بەم شێوەیە پێناسەی گەشتوگوزاری کردووە: گەشتوگوزار پێکهاتووە لەچالاکییەکانی گەشتکردنی مرۆڤ بۆمانەوە لەشوێنێك لەدەرەوەی شوێنی مانەوەی ئاسای خۆی بەجۆرێك لەساڵێك زیاتر نەبێت، ئەمەش لەپێناو بەسەر بردنی کاتێکی خۆش و مەبەستی تر بەجۆرێك پەیوەندی نەبێت بە بەدەستهێنانی دەستکەوتی ماددی لەو شوێنەی کەسەردانی دەکات (Wlliams , 2003,3) .

بەڕای ئێمە: گەشتوگوزار کۆمەڵێك دیاردە و چالاکی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی و ئابورییە، کە لەئەنجامی گۆڕینی شوێنی هەمیشەیی گەشتیار بۆماوەیەکی کاتی دێتەکایەوە، بەمەرجێك بۆ مەبەستی کارکردن و مانەوەی هەمیشەیی سەردانی ئەو ناوچەیەی نەکردبێت ئامانجی بەسەربردنی کاتێکی خۆش و حەوانەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و ڕێکخستنەوەی توانا بیری و جەستەییەکانی بێت، ئەگەر هاتوو چالاکییەکە لەناوسنوری ڕامیاری

وڵاتەکەدا بوو ئەوە بەگەشتوگوزاری ناوخۆیی دادەنرێت وە ئەگەر سنوری هەرێم (وڵات) ەکەی خۆی تێپەڕاند ئەوا دەبێتە گەشتوگوزاری نێودەوڵەتی .

٢. گەشەپێدانی گەشتوگوزار Tourism Development : بریتییە لەدابینکردنی ئاسانکاری و خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان بۆ تێرکردنی خواست و ئارەزووەکانی گەشتیاران، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتەهۆی زیادکردنی هەلی نوێی کارکردن و هێنانە ناوەوەی دراوی نوێ و گرانبەهابۆناو وڵات (محمد،٢٠١٥، ٣٨٨). یان گەشەپێدانی گەشتوگوزار بریتییە لەکۆمەڵێك کرداری گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاری و کارئاسانی و دامەزراوە گەشتیارییەکانە بەمەبەستی دابینکردنی سەرجەم داواکارییەکانی گەشتیاران، هەروەها پێناسە کراوە بەوەی کە بریتییە لە کرداری تێرکردنی پێویستییە جەستەیی و دەروونییەکانی گەشتیاران لەپێناو گەیشتن بە وەڵامی داواکاری و ئارەزووەکانیان بەبێ زیان گەیاندن بە مافی ئەوانی تر (الروبی،١٩٩٧، ٦٩).

دەتوانین بڵێین: کەهەموو پێناسەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزار جەخت لەسەر پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی گەشتیاران دەکەنەوە، تاوەکو گەشتیار هەست بە ئاسودەیی و حەوانەوەی جەستەیی و دەروونی بکات لەماوەی گەشتەکەیدا.

**باسی دووەم: دابەشبوونی جوگرافی ناوچە مێژوویی و شوێنەواری و ئاینییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە:**

ناوچەی لێکۆڵینەوە وەك هەموو بەشەکانی تری هەرێمی کوردستان و عێراق ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بەبوونی (شوێنەواری ئایینی و بنەمای مێژوویی)، کە بۆسەردەمی جۆراوجۆری مێژوویی دەگەڕێنەوە، ئەو دیاردانە بەهای زانستی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییان هەیە و هێزێکی گرنگن بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران، بەتایبەت ئەو توێژانەی بایەخ بەو جۆرە دیاردانە دەدەن وەك مێژوونوسان و شوێنەوارناسان و مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆ (Bonarou, 2012 ,15)، لێرەدا هەوڵدەدەین بەمەبەستی دەرخستنی ڕۆڵ و گرنگیان دابەشیان بکەین بۆ:

یەکەم: بنەما مێژوویی و شوێنەوارییەکان: بنەما مێژوویی و شوێنەوارییەکان کاریگەری گەورەیان لەسەر پێشکەوتن و گەشەپێدانی گەشتوگوزار هەیە، هەروەها بە گرنگترین بنەمای مرۆیی لە ڕاکێشانی گەشتیاران و چالاکی گەشتوگوزار دادەنرێن بەجۆرێك لەهەندێك وڵات بونەتە لایەنێکی سەرەکی گەشتوگوزار، چونکە سەرچاوەی داهاتن بۆ زۆر وڵات وەك (میسر، یۆنان، چین و تورکیاو ئێران...هیتر)، ئاشنابوون و تێکەڵبوون بە شوێنەوار و لایەنی مێژوویی وڵاتان خولیاو ئارەزووی زۆرێك لەگەشتیارانە بۆ بەرزکردنەوەی زیاتری ئاستی هۆشیاری و تێڕامان دەربارەی ژیانی ڕابردوو، بوونی ئەم بنەمایانە لەهەر شوێنێك واتای ئەوەیە ئەو شوێنە لەکۆنەوە مرۆڤ و شارستانیەتی تێدابووە، جا پاشماوەی خودی مرۆڤ بن وەك ئێسك و پەیکەر یان کەلوپەل و کەرەستەی ژیان و هەڵکۆڵراوەکان بن (عبدالحکیم و الدیب، ٢٠٠١، ٦٥) .

شوێنەوارەکانیش جیاواز دەبن بەجیاوازی ئەو سروشت و شارستانیەت و سەردەمانەی دەگەڕێنەوە بۆیان (الدباغ ،١٩٨١، ٧٥) ،هەروەها ئەنجامدانی کرداری کنە و پشکنین بۆیان لەلایەن شوێنەوارناسان، شارەزایان و ناساندنیان وەك ناوچەیەکی شوێنەواری، دەبنە بنەمایەکی گرنگ بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران و توێژەران، وەك هەرەمەکانی میسر و شورای چین، و گۆڕەپانە مێژووییەکانی یۆنان (الروبی ، ١٩٨١، ٥١-٥٢)،ناوچە دەوڵەمەندەکان بە سەرچاوەی مێژوویی و شوێنەوارییەکان بواری مرۆڤـ دەدەن، کەلە ڕابردووی خۆی و گەلانی تر شارەزابێت و چێژ لەناسین و چۆنیەتی هەڵسوکەوت و دیمەنی شوێنەکان و باری پێشکەوتن و ڕابردووی بیناسازی و ئەندازیارییان وەربگرێت، لەبەرئەوە زۆر

لە گەشتیاران سەردانی ئەو ناوچانە بە پەسەند دەزانن، کە ڕوخساریکی شوێنەواریی و مێژوییان هەبێت (الحديثي، ٢٠٠٢، ٣٢٦) .

ناوچەی هەورامان لەبەرئەوەی کانی و سەرچاوەی ئاوی زۆری لێیە، و دارستانی چڕی هەیە، لەدێرزەمانەوە مرۆڤی تێدانیشتەجێبووە، و خاوەنی چەندین شوێنی مێژوویی و شوێنەواریی سەردەمە جیاوازەکانە کە لە سەرچاوە زانستیەکاندا ئاماژەیان بۆکراوە، ژمارەیان (١٨) شوێنەوارن، مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی (مێژوویی کۆن، سەردەمەکانی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری(٩١١-٦١٢ پ.ز)، و کلدانی و بابلی نوێ(٦٢٥-٥٣٩ پ.ز) و ئیسلام(٦٣٦-١٧٠٠) کەخۆیان لە(گرد، قەڵا، ئەشکەوت، و هیتر، دەبیننەوە(جمهوريە العراق ، ١٩٧٠، ٥)، لێرەدا باسی هەریەك لەو شوێنەوارانە دەکەین:

١-قەڵا و شوراکانی زەڵم: دەکەوێتە دوری (٤،٥ کم) لەباکوری خۆرهەڵاتی شاری خورماڵ لە نێو دۆڵی زەڵم، لەبەرزی (٩٧٢ م) لەئاستی ڕووی دەریا و لەسەر بازنەی پانی(٣٥،٢٥،٥٨ ) ی باکور و هێڵی درێژی (٤٦،٥٢،٦٥) ی خۆرهەڵات، گوندەکانی هانەی قوڵ و یاڵانپێ دەکەونە بەشی باکوری و لە باشورەوە گوندی ئەحمەدئاوا و لە خۆرئاواوە شاری خورماڵە، قەڵای زەڵم لەبەشی ڕۆژئاوای دۆڵی زەڵم بەقەدپاڵی چیاکەوە دروست کراوە و بە چەندین نەخش و نیگار ڕازێنراوەتەوە، لەبەردەمی قەڵاکە سەکۆیەك دروستکراوە بۆ دانیشتن و حەوانەوە و چاودێریکردنی ناوچەکانی دەوروبەری، بەهۆی ئەوەی کە لە شوێنێکی بەرز دروستکراوە، لەناو قەڵاکەدا ژورێکی لاکێشەیی دروستکراوە کە درێژییەکەی ٤،٨ م و پانیەکەی ٢،٦٥ م دەبێت، ئەم ژورە شوێنی مانەوەی خان(خان ئەحمەد خان) و کڵاوزەڕی خێزانی بووە(حسين ،٢٠١٠، ٢٠)، ئەم قەڵایە لەسەردەمی میرنشینی ئەردەڵاندا لە لایەن بابا ئەردەڵانەوە لە ساڵی ١١٦٨ ز دروست کراوە، لەدوای مردنی بابا ئەردەڵان کراوەتە پایتەختی میرنشینەکە لەلایەن کوڕەکانی (بێگە بەگ و مەئمون بەگ و هەڵۆ خان).

پاشماوەی قەڵاو شوراکانی زەڵم تا ئێستاش هەندێکیان ماونەتەوە و بەڕونی دیارن وە بە بەرد و قسڵ دروستکراون، سەرجەم شوراکان بۆ پاراستن و چاودێریکردنی قەڵاکە بنیادنراون، یەکێك لەم شورایانە بە (یۆسۆئاسکە) ناسراوە و لە ئێستادا شوێنەوارەکەی لەهەموو شوراکانی دیکە ڕونتر دەردەکەوێت (سەردانی مەیدانی ، ٢٠١٩/١/٢٦) .

**٢-ئەشکەوتی خان ئەحمەد خان**: دەکەوێتە دوری (٤،٦ کم) لە شاری خورماڵ لەبەرزی(٦٤٨ م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە لەسەر بازنەی پانی(٣٥،٣٨،٤٣)ی باکور و هێڵی درێژی (٤٦،٥٥،٩٠)ی خۆرهەڵات، دەکەوێتە دووری (١٠٠م) لە بەشی خۆرئاوای قەڵاو شوراکانی زەڵم بەقەدپاڵی چیاکەوە لە ناو دۆڵی زەڵم کە نزیکەی ١٠٠ م لە ئاستی دۆڵەکە بەرزترە، ئەم ئەشکەوتە بەشی ژێرەوەی بۆشە و ئاراستەکەی بەرەو ناوەوەی چیاکەیە، مرۆڤ تەنها بەبەکارهێنانی پەیژەی بەرز و گوریس دەتوانێت بچێتە ناو ئەم ئەشکەوتەوە، لە بەشی ژێرەوەی ئەم ئەشکەوتەدا کانیەکی تێدایە کە ئاوێکی پاك و سازگاری هەیە وە لەکاتی بەفر و باراندا ئاو ناچێتە ناوی، لەبەردەم ئەشکەوتەکە حەوزێك دروستکراوە بەڕوبەری(٤×٤ م) و قوڵی(٢ م) بۆ کۆکردنەوەی ئاو بەکارهێنراوە، بۆیە لەکاتی جەنگ و مەترسیدا خان وەکو حەشارگەیەك ئەم ئەشکەوتەی بەکارهێناوە، هەر لە سنوری زەڵمدا قەڵایەکی دیکە هەیە و بە قەڵای (سورلی) ناسراوە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی گوندی زەڵمی ئێستا و بەرانبەر بە گوندەکەیە و دەڕوانێت بەسەر دۆڵی زەڵمدا، ئەم قەڵایە وەکو بنکەی یەکەمی پارێزگاریکردن لە قەڵای زەڵم و شوراکانی بەکارهاتوە، لە ئێستاشدا بووەتە سنوری جیاکەرەوەی گوندەکانی زەڵم و دەرەی مەڕ (یوسف ، ٢٠٠٨ ، ٨٩-٩٠) ، بڕوانە وێنەی(١).

قەڵاو شوراکانی زەڵم و ئەشکەوتی خان ئەحمەد خان یەکێکن لە گرنگترین بنەما مێژووییەکانی گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، چونکە ڕووبەرێکی فراوان داگیر دەکەن و ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە ململانێکانی ناوچەکە و کۆبونەوەی دانیشتوان، ئەم شوێنەوارە مێژووییە لە ئێستادا ژمارەیەکی کەم لە گەشتیاران سەردانی دەکەن، چونکە وەکو پێویست بە گەشتیاران نەناسێنراوە هەروەها زۆربەی ئەو گەشتیارانەی کە سەردانی ئەو ناوچەیە دەکەن بۆ حەوانەوە وکات بەسەربردن دێن و بەهۆی بونی چەندین بنەمای سروشتی سەرنجڕاکێشی گەشتوگوزار لە ناوچەکەدا کەمتر گرنگی بە بنەما مرۆییەکان دەدەن، جگە لەو گەشتیارانەی کەبەمەبەستی ئەنجامدانی گەشتوگوزاری مێژوویی و شارستانی و لێکۆڵینەوەی زانستی دێنە ناوچەکە ئەوانیش زۆربەیان بیانین و بۆ لێکۆڵینەوەی بواری شوێنەواری دێنە ناوچەکە، ئێستا بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری هەڵەبجە پرۆژەی ڕێگاوبان و سێتی تەوالێتی بۆ دروستکردووە، کە گرنگی زۆری هەیە لە سەر ڕاکێشانی گەشتیار، چونکە نەبوونی ڕێگا گرفتی سەرەکی بەردەم سەردانەکردنی ئەم شوێنەوارە بووە لە ڕابردوودا، بۆیە لە ئێستادا ژمارەی سەردانیکەرانی بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە زیادبوون کردووە.

وێنەی (١)

قەڵای زەڵم و ئەشکەوتی زەڵم



لەلایەن توێژەرانەوە گیراون لەڕێکەوتی(١١/١٠/ ٢٠١٨).

**٣) ئەشکەوتی کوڕ و کچ :** دەکەوێتە دوری (٥ کم) لە شاری خورماڵ لەبەرزی(٩١٩ م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە لەسەر بازنەی پانی (٣٥،١٨،٢٨)ی باکور و هێڵی درێژی (٤٦،٠٤،٢٠)ی خۆرهەڵات، لە دوری تەنها(١,٧ کم) لە قەڵای زەڵم و ئەشکەوتی خان ئەحمەدخان، لە خورهەڵاتەوە بە گوندی زەڵم و لە باکورەوە گوندی یالانپێ و لە خۆرئاواوە هانەی قوڵ دەورەدراوە، ئەم دوو ئەشکەوتە دەکەونە ناو دۆڵی وشکەناو، ئەشکەوتی کچ لەلای ڕاستی دۆڵەکە و ئەشکەوتی کوڕ لە لای چەپ بەرانبەر بە ئەشکەوتی کوڕ هەڵکەوتوە، ئەشکەوتی کچ لە قەدپاڵی چیاکەوەیە و لە شوێنێکی بەرز و سەخت لە بەرزایی ١٠٠ م لە ئاستی ڕوی دۆڵی وشکەناو بە کرداری هەڵکۆڵین دروستکراوە، واتە ئەم ئەشکەوتە دەستکردی مرۆڤە، لەناو ئەم ئەشکەوتەدا حەوزێك دروستکراوە کە خەڵکی ناوچەکە بە کۆشك ناوی دەبەن، هەندێك لە شوێنەوارناسان ئاماژە بەبونی شارێك دەکەن لەنزیکی ئەم ئەشکەوتە بەناوی ( زەن زەنە )، کە مێژوەکەی بۆ ٩٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە(ڕۆستەم ،٢٠١٩/١/١٨) ، هەروەها ئەشکەوتێکی دیکە لە نزیکی ئەم دوو ئەشکەوتە هەیە بەناوی (بەرەگاخوگان)،کە دەکەوێتە ناو دۆڵی کەڕەجاڵ لە باکوری گوندی زەڵم ، ئەم ئەشکەوتەیش بەهەمان شێوەی

ئەشکەوتی کچ بە هەڵکۆڵین دروستکراوە و دەستکردی مرۆڤە(سەردانی مەیدانی ،٢٠١٩/١/١٧)، جێگای ئاماژە پێکردنە ئەم ئەشکەوتانە ڕێگای ئۆتۆمبیل و کەرەستەکانی دیکەی گواستنەوەیان نیە و گەشتیار ئەگەر بیەوێت سەردانی ئەم ئەشکەوتانە بکات پێویستە ڕێگایەکی سەخت و دوور بەپێ ببڕێت، هەر ئەمەش وایکردوە کە لەلایەنی گەشتیارییەوە ئەم ئەشکەوتانە وەکو پێویست ڕۆڵی خۆیان نەگێڕن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی دانیشتوانی ناوچەکە ڕۆشنبیری گەشتیارییان نزمە ونەیانتوانیوە وەکو پێویست ئەم دەرامەتە گەشتیارییانە وەبەربهێنن و بیکەنە سەرچاوەی داهات جگەلەوەی کە لەلایەن گەشتیارانەوە دەناسرێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گرنگییان لەدەست نەداوە و بە بنەمایەکی گرنگی گەشتوگوزاری مێژوویی و شارستانی دادەنرێن لە ناوچەکەدا و ساڵانە ژمارەیەك لە گەشتیاران سەردانی دەکەن، بۆیە پێویستە ڕێگاوبانی گونجاو و خزمەتگوزاری گەشتیاری بۆ دابین بکرێت وەك تابلۆی ڕێنمایی و پوختەی مێژوویی ئەشکەوتەکان و سێتی تەوالێت و کابینەی گەشتیاری و فرۆشگاو تەلەفریك بۆ بینینی دیمەنی سەرنجڕاکێشی دۆڵی وشکەناو و ئەشکەوتەکانی و دیمەنی دۆڵی زەڵم و سەرچاوەی ئاو و باخ و باخات و ڕووەکی سروشتی ناوچەکە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە وەرزی زستاندا بینینی دیمەنی بەفر گرنگی ناوچەکەی زیاتر کردووە.

٤) **قەڵای دێرینی خورماڵ (مەرکەز):** ئەم قەڵایە دەکەوێتە ناوشاری خورماڵ، لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی شارەکە، ڕووبەرەکەی(٠،١٧ کم٢) و درێژییەکەی(٠،٧٨ کم) و پانییەکەی (٠،٢٢ کم) و بەرزترین خاڵی(٥٩١ م) لە ئاستی ڕووی دەریاوەو بەجیاوازی (٣٠ م) بەرزترە لە ناوچەکانی دەوروبەری لە سەر بازنەی پانی(٣٥،٥٥،٦٠)ی باکور و هێڵی درێژی (٤٦،٠٢،٣١)ی خۆرهەڵاتە، لەخۆرئاواوە شاری خورماڵ و لە باکورەوە قەڵای گەڕاو و لە خۆرهەڵاتەوە ئەحمەدئاوا دەورەیان داوە، لە ئێستادا دارستانێکی زۆری دەستکردی تێدا چێنراوە کە دیمەنێکی زۆر جوانی بەخشیوەبە ناوچەکە و بووەبە شوێنی حەوانەوەو کات بەسەر بردن.

سەبارەت بە مێژووی ئەم قەڵایە دەتوانین بڵێین بە سەرنجدان لە مێژوویی شوێنەواری و بیناسازیی سەربازی قەڵاکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی هاتنی ئاینی ئیسلام، چونکە قەڵای خورماڵ تێکەڵەیەکە لە بیناسازی ساسانی و ئیسلامی وەك لە مێژوودا باسکراوە خورماڵ لەکاتی هاتنی ئاینی ئیسلام شارێکی گرنگ بووە، سەبارەت بە قەڵاکەش لە کۆندا شورایەکی گەورە بەدەوری شاردا هەبووە، بەچواردەوری قەڵاکەدا دیوارێك بە ئەستوری(١،٥ م) دروستکراوە و لە نێوان هەر (٥٠ م) ژورێکی نیوە بازنەیی دروستکراوە وەك خاڵی چەودێریکردن وبەرگریکردن لە قەڵاکە و ژمارەیان نزیکەی(١٥-١٨) دانە دەبێت، بەرزی دیواری قەڵاکە لە هەندێ شوێن دەگاتە (٤ م)،کە لە بەرد و قسڵ دروستکراوە، سەرچاوەی ئاوی کانی گەنجان و مزگەوتی گەورەی خورماڵ و منارەکەی دەکەونە نێو شوراکەوە و دەروازەیەکیشی بۆ کراوە، لەسەر لوتکەی قەڵاکە سەکۆیەك بە دیزاینی جوان و بەردی چین لەسەر چینی گەورە دروستکراوە و تاوەکو ئێستاش ماوەتەوە، هەروەها دیواری شوراکەش بەشێکی ماوە، ئەوەی لێرەدا گرنگی قەڵاو شورای خورماڵی زیاتر کردووە، بوونی سەرچاوەی ئاوی مزگەوتی گەورەی خورماڵ و کانیاوی گەنجان و گەڕاوی خورماڵ و منارەی مزگەوتی گەورەی خورماڵە کە پێکەوە دەتوانرێت گەشەیان پێبدرێت و بکرێنە ناوچەیەکی گرنگی ڕاکێشانی گەشتیاری و گەشتوگوزاری چارەسەری و ڕۆشنبیری و حەوانەوەی لەسەر دروست بکرێت.

٥) **قەڵای گەڕاو :** دەکەوێتە دوری (١،٥ کم) لە شاری خورماڵ لەبەرزی(٥٥٨ م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە لەسەر بازنەی پانی (٣٥،١٨،٣٠)ی باکور و هێڵی درێژی (٤٦،٠٢،١٨) ی خۆرهەڵات، قەڵایەکی کۆنی دێرینی ناوچەکەیەو دەکەوێتە ناو شاری خورماڵەوە، سەرچاوەی ئاوی گەورەی (گەنجان) جیای دەکاتەوە لە قەڵای مەرکەز، شایانی باسە هۆی ناولێنانی ئەم قەڵایە بە (گەڕاو) دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو کانیاوە کانزایەی کە لەبەردەمیدایە لە ڕووی

ڕۆژئاوایەوە هەڵدەقوڵێت، هۆکاری دروست بوونی ئەم قەڵایەش هۆکاری سروشتیە و ئەوەی تێبینی دەکرێت بوونی دیاردەی کارست و ئەشکەوتە لەم قەڵایەدا کە دیمەنێکی ناوازەی بە ناوچەکە بەخشیووە و لەشێوەی تونێلی سروشتی درێژبوونەتەوە لەژێر قەڵاکەدا (مارف ،٢٠١٤، ١٩٦) .

٦) **ئەشکەوتی گاوران:** ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە دوری(١ کم) لە باکوری گوندی سەرگەت, لەنێو دۆڵی دەرەی مەڕ و دەڕوانێتە سەر دۆڵەکە بە دیوی خۆرهەڵاتدا, کانیاوی کلکەی ئەسپ دەکەوێتە دوری (١٠٠ م) لەم ئەشکەوتەوە، شوێنەکەی سەختە و بە کرداری هەڵکۆڵین پلیکانەی بۆ کراوەکە نزیکەی(٤٠) پلەی هەڵکۆڵراون، ئەم ئەشکەوتە لە ژورێك و بەرهەیوان و هەیوانێك پێکهاتووە.

٧) **قەڵای سەنگی سیاو:** ئەم قەڵایە دەکەوێتە بەشی باشوری خۆرهەڵاتی گوندی نارنجلە، بەرزییەکەی (١١٩٨ م) لەئاستی ڕووی دەریاوەیە، دەکەێتە سەر بازنەی پانی (٣٥،١٤،٤٣)ی باکور و هێڵی درێژی (٤٦،٠٦،١٤)ی خۆرهەڵات، دوری لە سەنتەری ناحیەی بیارە(٧،٧ کم) و لە شاری خورماڵ (١٢،٣ کم) دەبێت، ئەم قەڵایە شوێنەواری خانوی ڕوخاوو حەوزێکی هەڵکۆڵراوی هەیە و لە نزیك کانیاوی گەورەی سەنگی سیاو دروستکراوە و دەڕوانێت بەسەر هەردوو دیوی دۆڵی نارنجلەدا.

٨) ئارامگای ئەفراسیاو بەگ : دەکەوێتە دوری (١١،٨ کم) لە شاری خورماڵ و (١٣،٤ کم) لە بیارە لەبەرزی(١٠٩٠ م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە لەسەر بازنەی پانی (٣٥،١٧،١٥)ی باکور و هێڵی درێژی(٤٦،٠٦،٢٩)ی خۆرهەڵات، یەکێکە لە سانە ئازا و بوێرەکانی هەورامان، پیاوە سوار چاکەکەی لهۆن، سوپا سالاری جافر سان بووە، لە سەرگەت دوو خانووی هەبووە، ئێستا لە تەنیشت باوەنەووس لە گوندی سەرگەت نێژراوە و خەڵکێکی زۆر سەردانی دەکەن.

ناوچەی هەورامان خاوەنی چەندین شوێنەواری مێژوویی و دێرینە و لە سەرچاوە حکومی و زانستیەکاندا ئاماژە بە هەندێکیان کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار هەوڵی کێوماڵکردن و ڕوپێوکردنی ئەم شوێنەوارانەیان نەداوە، جگەلەوانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن چەندین شوێنەواری تری تێدایە وەك(قەڵای سورلێ، قەڵا ڕێزینە، شاخی ئاشوریان لە بیارە، قەڵای تۆپخانە، قەڵای تەوەن چەخماغ، تەپە نۆژانە، سایە قەڵا، خارگێلانی کۆن، کۆلێجێ، دەرەقەیسەر، قەیسەر)، خشتەی(٣).

خشتەی(٣)

شوێنە مێژوویی و شوێنەوارییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە

| ژ | ناو | بازنەی پانی | هێلی درێژی | بەرزی بە(م) | دوری بە(کم) لەبیارە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەشکەوتی خان احمد خان | 35,18,38 | 46,03,55 | ٦٤٨ | ١٤ |
| ٢ | ئەشکەوتی کوڕ و کچ | 35,18,28 | 46,04,20 | ٩١٩ | ١٤،٣ |
| ٣ | قەڵای خورماڵ | 35,17,55 | 46,02,31 | ٥٧٥ | ١٢،٥ |
| ٤ | منارەی مزگەوتی خورماڵ | 35,18,09 | 46,02,25 | ٥٨٧ | ١٢،٤ |
| ٥ | قەڵای گەڕاو | 35,18,30 | 46,02,18 | ٥٥٨ | ١٣،٢ |
| ٦ | قەڵای گاوران | 35,12,34 | 46,10,48 | ١٥٨٤ | ١٥،٥ |
| ٧ | ئەشکەوتەکانی دۆڵی زەڵم | 35,18,25 | 46,04,52 | ٩٧٢ | ١٥ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | قەڵای سەنگی سیاو | 35,14,43 | 46,06,14 | ١١٩٨ | ٧،٧ |
| ٩٠ | کانی ژنان | 35.15.43 | 46,04,52 | ٨٤٦ | ٩،٣ |
| ١٠ | قەڵا ڕێزینە | 35,15,37 | 46,05,25 | ٩٦٨ | ٩،٩ |
| ١١ | ئەشکەوتەکانی دەرەی مەڕ | 35,17,52 | 46,06,32 | ١٢٣٨ | ١٤،٣ |
| ١٢ | قەڵای میشلە | 35,12,05 | 46,09,25 | ١٧٠٤ | ٨،٣ |
| ١٣ | شوێنەواری هانە نەوتی | 35,12,52 | 46,06,02 | ١٠٣٨ | ١،٦ |
| ١٤ | قەڵای قەراغە و صایبی | 35,11,50 | 46,09,01 | ١٤٨٢ | ٨ |
| ١٥ | شوێنەواری قەسر | 35,13,24 | 46,07,07 | ١١٦٨ | ١،٥ |
| ١٦ | کۆلیجێ | 35,13,25 | 46,02,49 | ٨٢٨ | ٩،٣ |
| ١٧ | دەرەقەیسەر | 35,13,26 | 46,05,14 | ٩٠٥ | ٢،٥ |
| ١٨ | شوێنەواری قۆندرە | 35,19,04 | 46,03,23 | ٩٩٠ | ١٤،٥ |
| ١٩ | شوێنەواری یاڵانپێ | 35,20,08 | 46,03,19 | ٩٨٠ | ١٧،٤ |
| ٢٠ | خارگێلانی کۆن | 35,15,03 | 46,02,44 | ٦٩٧ | ٨،٢ |

سەرچاوە: توێژەران بە پشت بەستن بە: ١) سەردانی مەیدانی بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە لە بەرواری(١/١٠ و ٢٠١٩/٢/١٥).
٢) بەرنامەی (Google earth. 3) بەرنامەی Arc GIS Version10.3

**دووەم: مەرقەد و خانەقا و مەزارەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە:**

**١-خانەقای بیارە:** یەکێکە لە مەزارگە ئایینیەکانی تەریقەتی نەقشبەندی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی بەدوری (٩٨ کم)(حکومە اقلیم کوردستان ، ٢٠٠٦ ،٩٣) ، دەکەوێتە باکوری بیارە لە بەرزی(١١١٢ م) لە ئاستی ڕووی دەریاو لەسەر بازنەی پانی(٣٥،١٣،٤٠)ی باکور و هێڵی درێژی (٤٦،٠٦،٣٢)ی خۆرهەڵات، دووری لە خانەقای تەوێڵە(١٤،٧ کم) و لە خانەقای باخەکۆن (١٢،٦ کم) دەبێت، کە گڵکۆی شێخ عوسمان سیراجەدین و شێخ محمد بەهائەدین و شێخ عومەر زیائەدین و شێخ عەلی حیسامەدین و ...هتد) ی تێدایە ، ئەم خانەقایە وەك زانستگا و خوێندنگایەك بووە و چەندین کەس ڕویان تێکردووە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، بەمەبەستی فێربونی زانستە ئیسلامیەکان و زانستەکانی دیکەش، هەتا ئێستاش وەك خوێندنگایەك بەردەوام فەقێ و مەلا تێیدا دەخوێنن و مۆڵەتی مەلایەتی وەردەگرن(ئەمینی ،٤٠).

ئەم خانەقایە لە ساڵی (١٣٠٧ کۆچی) لەسەر دەستی شێخ عومەر چیائەدین دروستکراوە، هەر لەسەرەتاوە چەندین فەقێ و موریدی تێدا داناوە بەمەبەستی فێرکردنیان، گرنگی ئەم خانەقایە وەك قوتابخانەیەك لە سەرەتای سەدەی بیستەم دەرکەوت کە ڕۆڵی هەبووە لە پێگەیاندن و فێرکردنی چەندین مەلا و زانای کورد، خانەقای بیارە یەکەم قوتابخانە بووە لە کوردستاندا دامەزراوە و ئەرکی پێگەیاندنی مامۆستایانی ئایینی گرتووەتە ئەستۆ، ئەم خانەقایە دواتر لەلایەن شێخ نەجمەدین و شێخ عەلادینەوە نۆژەنکراوەتەوە و دوو هۆڵی وانەوتنەوەی دیکەی بۆ زیادکراوە کە چەندین زانا لەدەرەوەی هەرێم هاتون وانەیان تێدا وتوەتەوە.

خانەقای بیارە بە بەردەوامی (٥٠-٧٠) فەقێی تێدایە کە هەندێکیان خەڵکی کوردستانن و هەندێکی دیکەیان لەدەرەوە هاتوون و زانستەکانی (نەحوصرف و شەرع و منگق و بەلاغە و زانستی گەردوناسی و تەفسیر و حەدیپ

و...هتد) دەخوێنن (مدرس ، ١٩٨٣ ، ١٥٨) ، لە بەناوبانگترین ئەو زانایانەی کە لەم خانەقایە خوێندویانە وەك مەلا قادری بیارە و شێخ مارفی نێرگزەجاڕی و شێخ عەلی قەرەداغی و مەلا عبدالکریمی مدرس و....هتد (بەهمەنی ،٢٠٠٢ ، ٢٤٢) .

ئەم قوتابخانە ئایینیە تا ئێستاش لە بیارە ماوە و گرنگی خۆی لەدەست نەداوە ، بڕوانە وێنەی ژمارە (٢)،خانەقای بیارە بە ( المحاسن الشریفە ) ناسراوە ، چونکە دەوترێت دوو تاڵ لە ڕیشی محمد (پێغەمبەر)(صلاللە علیە وسلم) ی لێیە لەلایەن سوڵتان عبدالحمید وەکو دیاریەك دراوەتە شێخەکانی هەورامان (ڕەشید ، ٢٠٠٧ ،١٨١).

شایانی باسە ژمارەیەکی زۆری گەشتیار سەردانی ئەم مەڵبەندە ئایینیە دەکەن کە هەندێکیان لەناخۆی کوردستان و عیراقەوە دێن و هەندێکی دیکەیان لە وڵاتانی ئێران و تورکیا و سوریا و وڵاتانی عەرەبی و بیانی سەردانی ناوچەکە دەکەن، بەمەبەستی زیارەتکردنی شێخەکان و ئاشنا بوون بە ناوچەکە و شارەزابونی کەلتور و داب و نەریتی خەڵکەکەی، بەڵام هەندێکی دیکە بەمەبەستی مانەوە و خوێندن سەردانی دەکەن کەبە ( فەقێ)ناسراون و درێژە بە ڕێبازی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی دەدەن (مدرس ، ٢٠٠٦ ،١٥) .

خانەقای بیارە وەکو گرنگترین مەڵبەندی گەشتیاری ئایینی دەردەکەوێت لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا چونکە کەوتوەتە ناوچەیەکی گەشتیاری سەرنجڕاکێش لەلایەك و لەلایەکی ترەوە ناوەندێکی باشی بۆ خزمەتکردنی گەستیاران ڕەخساندوە، بۆنمونە ئەو گەشتیارانەی کە سەردانی ئەم خانەقایە دەکەن شوێنی مانەوە و خواردنیان لەلایەن خانەقاکەوە بۆ دابین دەکرێت، بەمەش ژمارەیەکی زۆری گەشتیاران سەردانی دەکەن و هەندێکیشیان بۆماوەی ڕۆژێك یان زیاتر لە خانەقاکەدا دەمێننەوە، بۆنمونە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار لە تورکیاو ئێرانەوە دێن لەم خانەقایەدا دەمێننەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە پەیڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندی لەو وڵاتانەدا هەن و خانەقاکانی بیارە و تەوێڵە بە پیرۆز دەزانن.

وێنەی (٢)

خانەقای بیارە



ئەم وێنانە لە ٢٠١٨/١٠/١٩ گیراون .

٢. - **خانەقای تەوێڵە** : خانەقای تەوێڵە دەکەوێتە سەر سنوری عیراق-ئێران لە بەشی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی بە دوری(١٠٨ کم) (هیئة العامة للسیاحة ،١٣) ، دەکەوێتە باشوری تەوێڵە لە بەرزی(١٦٣٨م) لە ئاستی ڕووی دەریاو لەسەر بازنەی پانی (٣٥،١٢،١١)ی باکور و هێڵی درێژی (٤٦،١٠،٥٤)ی خۆرهەڵات، گۆڕی شێخ عوسمان سیراجەدین و شێخ ئەحمەدی کوڕی لەناو خانەقای تەوێڵەدا نێژراون، شێخ عوسمان بەناوبانگترین جێگرەوەی مەولانا خالیدی

نەقشبەندیە، ئەم خانەقایە بە شێوازی ئەندازیاری ڕەسەنی کوردی دروستکراوە و پێکهاتوە لە ١٧ ژور و هەیوانێك و ئارامگایەك لەگەڵ گومەزی شێخ سیراجەدین.

شێخ عوسمان لەکاتی پیریدا و لەساڵی ١٢٧٣ ی کۆچی خانەقایەکی بچوکی دروستکرد و لەدوای خۆی کوڕە گەورەکەی شێخ محمد بەهائەدین فراوانی کردووە و بەم شێوەیەی ئێستای لێکردوە(مدرس ،١٩٨٣، ١٥) ، بڕوانە وێنەی (٣)، دەڵێن یەکێك لەو ١٧ ژورەی کە بۆمانەوەی فەقێ و خوێندکارەکان دروستکراوە تایبەت کراوە بە مەولەوی شاعیر، چونکە مەولەوی لەسەردەمی شێخ عوسمان دا ژیاوە و موریدی ئەویش بووە، بەمەش بایەخی گەشتوگوزاری ناوچەکە زیاتر دەبێت، چونکە ئەو کەسانەی کە شەیدای شیعرەکانی مەولەوین سەردانی ناوچەکە دەکەن و بە پیرۆزی دەزانن (ڕەشید ،٢٠٠٧، ١٨٠ ) .

تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە شوێنکەوتوانی تەریقەتی نەقشبەندی و گەشتیارانی دیکەش سەردانی دەکەن، هەندێکیان بەمەبەستی زیارەتکردن و هەندێکیان بەمەبەستی بەدیهێنانی داواکانیان، بەڵام هەندێك بەمەبەستی مانەوە و خوێندن دێنە خانەقای تەوێڵە، چونکە ئەم خانەقایەش هاوشێوەی خانەقای بیارە تا ئێستاش وەکو خوێندنگایەك ماوەتەوە و بەردەوامە لە پێگەیاندنی فەقێ و مەلا.

خانەقای تەوێڵە دەکەوێتە سەر سنوری عیراق – ئێران و بەهۆی نائارامی سیاسی و خراپی دۆخی ئەمنی بە درێژایی زیاتر لە نیو سەدە و دواتر شەڕی ناوخۆ چەندین دەستنوس و بەڵگەنامەی کۆن و بەنرخ ون بوون کە هەندێکیان دزراون و هەندێکی دیکەیان لەلایەن نەیارانی تەریقەتی نەقشبەندییەوە سوتێنراون، سەرەڕای ئەوەی کە چەندین جار هەوڵی هەڵدانەوەی گۆڕەکان دراوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا سید غفور نقشبندی ، ٢٠١٣/١٠/١٨).

**٣- ئارامگای شێخ حیسامەددین لە باخەکۆن:** دەکەوێتە باکوری بیارە لە بەرزی(١٠٨١ م) لە ئاستی ڕووی دەریاو لەسەر بازنەی پانی (٣٥،١٦،٢١)ی باکور و هێڵی درێژی (٤٦،٠٥،٥٧)ی خۆرهەڵات، دووری لە خانەقای بیارە(١٢،٦ کم) و لە خانەقای تەوێڵە (٢٧،٣ کم) دەبێت، شێخ حیسامەدین کوڕی شێخ عوسمانی تەوێڵەیە و جێگرەوەیەکی بەناوبانگی باوك و باپیرانیەتی، چونکە پلەیەکی ئایینی بەرزی هەبووە و ژمارەیەکی زۆر خانەقای لە کوردستان و ئێراندا دروستکردوە و نانی داوە بە هەزاران تیایاندا و ژمارەیەکی زۆر لە فەقێ و مورید و خوێندکار لە سەرجەم خانەقاکانی شێخ حیسامەدین خوێندویانە ، لەکاتی مردنی شێخ حیسامەدین لە گوندی باخەکۆن کە یەکێك بووە لە خانەقاکانی خۆی و دەکەوێتە باکوری ناحیەی بیارە دەنێژرێت، بەڵام لەکاتی جەنگی عیراق- ئێراندا لەگەڵ گوندەکە خانەقاکە و ئارامگەی شێخیش دەڕوخێنرێن و لەدوای جەنگ دروستدەکرێنەوە، بەڵام دواتر لەکاتی جەنگی ناوخۆداو لەساڵی ٢٠٠٢ لەلایەن گروپێکەوە گۆڕەکەی هەڵدەدرێتەوەو ئێسك و پروسکەکانی لە شوێنێکی دیکە دەنێژرێت .

نةخشةي (٣)

شويَنةوارة ميَذويي و شارستاني و ئاينييةكاني طةشتءطوزار لة ناوضةي ليَكؤلَينةوة




سـەرچاوە: تـوێژەران بەبـەکارهێنانی بەرنامـەی: Arc GIS V10.3 بەپشتبەسـتن بـە: وێنـەی دەسـتەی ڕوپێـوی جیۆلۆجی ئەمریکی(DEM 15M).

وێنەی (٣)

خانەقای تەوێڵە





ئەم وێنانە لە ٢٠١٩/١٠/١٩ گیراون .

پاش پرۆسەی ئازادی عیراق و نەمانی ئەو تاقمە لە ناوچەی هەورامان ئێسکەکانی دەهێنرێتەوە بۆ ئارامگاکەی خۆی (ڕەشید ، ٢٠٠٧ ،١٨٣-١٨٤).

ئەم خاناقایە مەزاری شێخ حیسامەدین و شێخ راهیبی کوڕی و شێخ سادق و شێخ محمود و حەمیدەخانی کچی شێخ حیسامەدین) تێدایە و بە تەنیشت مەرقەدی شێخ حیسامەدینەوە خانەقا و حوجرەی شێخ کەریم هەیە، ئەوەی گرنگی ئەم خانەقایەی زیاتر کردووە ئەوەیە کە حەوز و ئاوێکی زۆر سازگاری هەیە کە سەر بە خاناقایە و حەوزێکی گەورەی لێ دروستکراوە بەڕوبەری(٢٠×١٠ م) و لە خوار خاناقاوە باخچە و حەوزێك لەسەر نەخشەی کۆن و بە بەردی ناوچەکە و دیزاینێکی جوانی بۆ کراوە، سەرەڕای بونی کەشێکی لەباری گەشتیاری باخ و باخاتی گوێز و هەنار و هەنجیر بەشێوازی تەڵان تەڵان و هونەری ئەندازیاری کۆن و کەرەستەی خاوی ناوچەکەشی تێدا بەکارهێنراوە، بڕوانە وێنەی (٤)، کە بە باخی خاناقا ناسراوە، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیاران سەردانی ناوچەکە دەکەن و زیارەتی خانەقاکەش دەکەن، و بواری فراوانکردنی زیاتریشی هەیە و دەتوانرێت چەندین پرۆژەی گەشتیاری تێدا دروست بکرێت.

وێنەی (٤)

خانەقای باخەکۆن





ئەم وێنەیە لە ١٠١٩/١٠/١٩ گیراوە .

له ئێستادا خانەقای باخەکۆن فەقێ و خوێندکاری لێنیە، بەهۆی ئەوەی کە زۆربەی فەقێکان لە وڵاتی ئێرانەوە دێن و لە دەروازە سنورییەکانی تەوێڵە و بیارەوە دێنە ناوچەکە، بۆیە لە خانەقاکانی تەوێڵە و بیارە دەمێننەوە، ئەمە سەرەڕای نەبونی بازاڕ و خزمەتگوزاری تر لە باخەکۆن و بچوکی گوندەکە.( مارف ، ٢٠١٤، ١٤٣-١٤٤ ) .

**٤) مزگەوتی گەورەی خورماڵ:** شوێنە وارێکی تری دێرینی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە، دەکەوێتە باکوری شاری خورماڵ لەبەرزی (٥٧٧ م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە، لەسەر بازنەی پانی (٣٥،١٧،٣٥)ی باکور و هێڵی درێژی (٤٦،٠٢و٣٧)ی خۆرهەڵات، مێژووی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی لە سەردەمی عبدالله کوڕی عومەری خەتاب دروستکراوە، و دواتر لە سەردەمی بابانیە کاندا لە لایەن (سە لیم پاشا)ی بابانەوە لە ساڵی (١١٦٠ ك) نۆژەنکراوەتەوە، شێوازی بیناسازییەکەی گەلێك سەرنج ڕاکێش بووە و ژوورەکانی لە ناوەوە تاقی کەوانەی گەورەی هەبووە لەسەر چەند پایەیەکی بڵندو فراوان لەبنکەو بنمیچەوە هەڵچنراوە، ڕوبەری مزگەوتەکە(٢٠×٥٠ م) حەوزێکی ئاوی هەیە کە (١٢×٨ م) دەبێت و چەندین داری سورە چناری گەورەی تێدایە کە دیمەنێکی سەرنجڕاکێشیان بە شوێنەکە بەخشیووە، بۆیە ڕۆژانە گەشتیاران بۆ بینینی مزگەوت و حەوز و ماسیەکانی سەردانی دەکەن، هەروەها منارەیەکی دێرینی هەیە کە ڕوبەرەکەی (٥×١٥ م) و بەرزیەکەی (٢٥م) دەبێت و ئێستا نۆژەنکراوەتەوە و بڕیاروایە مزگەوتەکەش لەسەر شێوازی کۆن نوێ بکرێتەوە(مصگفی ، ٢٠٠٣، ٣١) ، ئەم مزگەوتە لە ئێشتادا ڕوخێنراوە بەبەستی نۆژەنکردنەوەی.

ئەم مزگەوتە هاوشێوەی خانەقاکانی بیارە و تەوێڵە خاوەنی حوجرە و تەکیە بووە و چەندین مەلا و زانای ئاینی لەم مزگەوتەدا خزمەتیان کردووە لەوانە(مەلا جەلادینی خورماڵ، مەولانا خالیدی نەقشبەندی و شێخ عبدالله ی خەرپانی و...هیتر)(زەڵمی ،٢٠٠٨، ١٧٢-١٧٥) .

**٥ ) ئارامگە و کتێبخانەی پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفا زەڵمی:** دەکەوێتە نێو شاری خورماڵ لەسەر ڕێگای (خورماڵ-بیارە) لەبەرزی(٥٦١ م) لە ئاستی ڕووی دەریا و لەسەر بازنەی پانی (٣٥،١٨،٢١)ی باکور و هێڵی (٤٦،٠٢،٢٢)ی خۆرهەڵات، زەڵمی زاناو کەسایەتیەکی گەورەی ناوچەی هەورامان و کوردستان بوو، خاوەنی چەندین بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرایە لە بوارەکانی یاسا و شەریعەتی ئیسلامی و بەراوردکردنیان، خاوەنی چەندین خەڵاتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییە، خاوەنی (٧٠) کتێبە کە لە زۆربەی کۆلێژەکانی یاسا و شریعە لە زانکۆکانی عێراق و چەندین وڵاتی تر بوونەتە مەنهەجی خوێندن، ئەم زانایە لە ساڵی (١٩٢٤) لە گوندی زەڵمی هەورامان لە دایك بووە و لە تەمەنی (٩٢) ساڵیدا و لە ڕێکەوتی (٢٠١٦/٦/٤) لە هەولێر کۆچی دواییکرد و لەسەر وەسیەتی خۆیی لە خورماڵ بەخاك سپێدرا، بڕیار وایە هەموو نوسین و کتێبەکانی لە کتێبخانەیەك لە تەنیشت مەزارەکەی کۆبکرێنەوە، وەك وەفایەك بۆ ئەم زانایە چەندین شوێن بەناوییەوە ناونراوە، وەك هۆڵی خوێندنی حدبائی لە یەکێك لە زانکۆکانی موسڵ و شەقامی سەرەکی خورماڵ- ئەحمەدئاو، بڕوانە وێنەی(٦)

وێنەی(٥)

مزگەوت و منارەی خورماڵ





وێنەی(٦)

ئارامگەی پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفای زەلمی

وێنەی(٧)

مەزاری مەحمودخانی دزڵی





توێژەران ٢٠١٩/٣/٢١

**٦) مەزاری مەحمودخانی دزڵی:** دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی گوندی هانەی قوڵ، لە باکورەوە گوندی یاڵانپێ و لە خۆرهەڵاتەوە گوندی زەڵم و لە خۆرئاواوە خورماڵ و لە باشورەوە ئەحمەدئاوا دەورەیان داوە، دەکەوێتە دوری (٦،١ کم) لە شاری خورماڵ لەبەرزی(١٠٩٦ م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە، لەسەر تاشە بەردێکی گەورە و لە بناری چیای هەورامان مەزارەکە بنیاتنراوە، ناوی(محمودی کوڕی عەزیزخانی کوڕی بارام بەگ محەمەد سانی یەکەم)ە و دایکی(خاتوو پیرۆزە کچی هەسەن سان لە ساڵی(١٨٧٠ ز) لە گوندی (دزڵی) لە دایك بووە، پاش ئەحمەدخانی برای بووەتە خانی دزڵی و حکومڕانی ناوچەیەکی فراوانی کردووە، لە دزڵی و گوندەکانی دەوروبەریەوە تاوەکو گوندەکانی نەوێ و بەردەبەل و توتەقاچ و بانیشار و عامورە و یاڵانپێ و هانەی قوڵی گرتووەتەوە، هاوکارێکی باشی شێخ مەحمود بووە و بەشداری چەندین شەڕی دژ بە داگیرکەرانی بەریتانی کردووە و دواجار لە پیلانگێڕییەکی (حەمەڕەزاشاه) لەڕێگەی ناردنی نوێنەرێك بەبیانوی وتووێژ دەرمان خواردی دەکەن و لە ساڵی(١٩٤٦) ماڵئاوای لە ژیان دەکات و هەرلە پشت گوندی هانەی قوڵی کۆن بەخاك دەسپێرێت.

ئێستا لە گوندی هانەی قوڵ مەزارێك و حەوشە و پەرژینێکی جوانی بۆ دروستکراوە لەنێو مەزارەکەشدا پوختەیەك لە ژیاننامەکەیی و ئەو وتانەی کەسایەتیە ناودارەکان لەسەر مەحمودخان نوسیویانە لەگەڵ چەند هۆنراوەیەك کە لەلایەن (حەمدی ساحێب قران و شێخ لەتیف حەفیدزادە) وتراون دانراوە، وێنەی (٧)، ئەم مەزارە

ڕێگایەکی چەوڕێژی بۆ دروستکراوە، بۆیە گرنگە بکرێتە ڕێگایەکی قیر تاوەکو گەشتیاران ئاسانتر بتوانن سەردانی بکەن، چونکە سروشتی ناوچەکە شاخاوی و سەختە، هەروەها لەسەر ڕێگای خورماڵ- بیارە-ئەحمەدئاوا) پەیکەرێك بۆ مەحمودخانی دزڵی دروستکراوە وەك وەفایەك بۆ ئەو کەسایەتییە تێکۆشەرەی هەورامان ( مارف ، ٢٠١٤ ، ١٤٣-١٥١).

٧) **باوە ناووس:** دەکەوێتە گوندی سەرگەتەوە لەبەرزی(١٠٩٠ م) لە ئاستی ڕووی دەریا و یەکێکە لە گوندە سەر سەوزەکانی هەورامان، سەر بە ناحیەی بیارە بەدووری (١٣،٤ کم) لە باکوری بیارە، ناوی (ئیبراهیم ئەحمەدە) مێژووەکەی زۆر ڕوون نیە بەڵام بە یەکێك لە پێشەواکانی ڕێوڕەچەی یارسان لەقەم دەدرێت، شاعیر و عارفێکی گەورەی سەردەمی خۆیی بووە، شیعرەکانی دوو بەیتن و باس لە ڕێوڕەچەی یارسان دەکەن، بابا سەرهەنگ شەشەم پشتی بووە کە ئێستا لە تەوێڵە نێژراوە و خەڵك سەردانی دەکەن، کاکەییەکان دەڵێن یەکێکە لەو چوار کەسەی کە پیرۆزن لە لایان، خەڵکی ناوچەکە لەکاتی نەبوونی باران و ژنان بۆ نزای مناڵبوون سەردانی دەکەن.

ناوچەی هەورامان خاوەنی چەندین کەسایەتی بەناوبانگە وەك(میرزا ئۆلقادری تەوێڵەیی) پەیکەری ئەم شاعیرە لەتەوێڵەدانراوە،(مەلا حەسەنی قازی(شاهۆ) پیاوێکی زیرەك بووە و شیعری ئاینی و دڵداری و نیشتیمانی هەیە و لە ساڵی (١٩٧١ز) کۆچی دواییکردووە و لە (هەیوانی مەرقەدی بیارە) دەنێژرێت ، جگە لەو خانەقا و مەزارانە چەندین مزگەوتی تێدایە کە بەدیزاینێکی سەرنجراکێشی هونەری و کەرەستەی خاوی ناوچەکە دروستکراون کە سەرنجی گەشتیارێکی زۆر بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن لەوانە وەك (مزگەوتی مەلا نەزیری گەورە لە تەوێڵە، مزگەوتی گوندی ئەحمەدئاوا، مزگەوتی نوێی بیارە...هیتر) (هەورامانی ،٢٠١٠، ٥٣٦).

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین، کە شوێنەوارە مێژوویی و ئاینییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بوونەتە بنەمایەکی گرنگی خستنەڕووی گەشتیاری، بەڵام تاوەکو ئێستاش نەتوانراوە وەك بنەمایەکی مرۆیی گرنگی گەشتوگوزاری بەشێوەیەکی زانستی سودیان لێوەربگیرێت لەم بوارەدا، ئەویش بەهۆی دابین نەکردنی خزمەتگوزاری و ئاسانکارییە گەشتیارییەکان .

### باسی سێیەم: گرنگی بنەما مێژوویی و شوێنەواری و ئاینییەکان بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزار لەناوچەی لێکۆڵینەوە:

تەوەرەی یەکەم: گرنگی شوێنە ئاینیەکان: گەشت و گوزای ئاینیی دادەنرێت بە کۆنترین جۆری گەشت و گوزار کە تیایدا گەشتیار سەردانی شوێنە ئاینییەکانی کردوە بەجێگەیاندنی ڕێوڕەسم و ئەرکە ئاینییەکان، گرنگترین شوێنی ئایینی لەسەر زەوی هەر دوو شاری پیرۆزی (مەککەو مەدینە )یە لە عەرەبستانی سعودیە سەبارەت بە مسوڵمانان ، وە ڤاتیکان لەناو چەقی شاری ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا کە پەیڕەوانی ئاینی مەسیحی گەشتی بۆ دەکەن ، هەروەها شاری قودس سەبارەت بە هەرسێ ئایینی مسوڵمان و مەسیحی و جولەکە(القدومی ،٢٠٠٣، ١٦) .

گەشت و گوزاری ئاینیی بەیەکێك لە سەرچاوە گرنگەکانی نوێکردنەوەی چالاکی گەشتیاری دادەنرێت، ئامانج لێی سەردانکردنی چەند ناوچەیەکی ئاینییە بەمەبەستی پیرۆزکردن یان ئەنجامدانی فەریزەی حە ج و عەمرە ئەویش لەپێناوی ئەنجامدانی ئەرکە ئاینییەکان ، یان بەمەبەستی ئاشنابوون بە کەلتوری ئایینی دەوڵەتێك یان ناوچەیەك، بۆنمونە گەشتی مسوڵمانانی سوننە مەزهەب بۆ مەککە و مەدینە وە مەسیحییەکان بۆ ڤاتیکان وە بوزاییەکان بۆ مەڵبەندە ئاینییەکانی خۆیان لە هیندستان و چین پاکستان هەروەها گەشتی پەیڕەوانی مەزهەبی شیعە بۆ نەجەف و

کەربەلا و کاڤمیە لە عیراق (المؤسسە العامە للتعلیم الفنی والتدریب المهنی،٢٦) ، هەروەها ئێـزیدییەکانی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ئەرکە ئاینییەکانیان دەچنە پەرستگای لالش .

ئەم جۆرەی گەشت وگوزار پێویستی بە خزمەتگوزاری جیاواز هەیە لە نرخ وە دەبێت خزمەتگوزارییـەکان هاوکار و یارمەتیدەر بن وە ناوەندی بن لە نرخدا ، هەروەها پێویستی بە بازاڕی گەورەو هەمەچەشن هەیە چونکە ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیار لە ناوچە جیاجیاکانی جیهانەوە سەردانی دەکەن کە هەریەکەیان خواستی جیاوازی هەیە بەپێی ئەو ژینگەیەی کە لێوەی هاتوە، وە دەبێت ژمارەیەکی زۆر لە دیاری وخەڵات لەگەڵ خۆی بباتەوە بۆ خزم و کەسەکانی (توفیق ، ١٩٩٧ ، ٦٤).

دەتوانین پێناسەی گەشت و گوزاری ئاینیی بکەین بەوەی (چالاکییەکی گەشت و گوزارییە کە هەڵدەسێت بە گواستنەوەی گەشتیار لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیەوە بۆ شوێنێکی ئاینیی یان بۆنەیەکی ئاینیی لەناو دەڵەتەکەی خۆیدا بێت یان لە دەرەوەی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە ئامانجی بەجێگەیاندنی ئەرکە ئاینییەکان یان بینین و شارەزابونی شوێنە ئاینییە جیاوازەکان .(الصیرفی ،٢٠٠٩، ٦٠) .

تەوەرەی دووەم: گرنگی شوێنە مێژوویی و شوێنەوارییەکان: مەبەست لە گەشت وگوزاری ڕۆشنبیریەوە ، کە سەردانی ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە پاشماوەی دێرینن کەلتوری کۆن و شارستانیەت و داب ونەریتی نەتەوە کۆنەکانی تێدا بەرجەستە دەبێت ،.گەشت‌وگوزاری ڕۆشنبیری کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە وەك :

أ) ئەو گەشتیارانە ڕادەکێشێت کە لە گروپی تەمەن گەورەکانن و ئاستێکی بەرزی خوێندن و ڕۆشنبیرییان هەیە

ب) ئەم جۆرەی گەشت و گوزار ڕێژەی کەمتر (٢٠%) ی جولەی گەشتیاری پێکدێنێت لە جیهاندا .

ت) ماوەی مانەوەی گەشتیار کەمە .

ث) پێویستی بە خزمەتگوزاری و خستنەڕوی گەشت و گوزای ئاست بەرزە وەك ( ئوتێلی پێنج ئەستێرە و چوار ئەستێرە).

ج) گەشتیاران ڕێکدەخرێن بە شێوەی کۆمەڵە وە پێویستی بە خزمەتگوزارییەکانی وەکو (نوسینگەی گەشتیاری و گواستنەوە، ڕێبەری گەشتیاری و بەرنامە و پلانی گەشتەکە ) هەیە (الرواشدە ٢٠٠٩ ، ٣٤-٣٥) .

مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم جۆرەی گەشت‌وگوزار ئاشـــنا بوونە بە پاشماوەی شارستانیەتە کۆنەکان و سەردانکردنی شوێنە مێژووییەکان و مۆزەخانە و شورا و بورج و بازارە کۆنەکانە لەگەڵ ئاشنابوون بە شارستانیەتە نوێیەکان، ژمارەی ئەو گەشتیارانەی ئەم جۆرەی گەشت و گوزار ئەنجام دەدەن بەرەو هەڵکشان دەچێت ئەویش بەهۆی زیادبوونی ژمارەی ڕۆشنبیر وزانایانی تەمەن گەورەی ناو کۆمەڵگا .(الدبس ، ٩٠ ) .

نەخشەی (٣)

شوێنەواره مێژوویی و شارستانی و ئاینییەکانی گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکۆڵینەوه




سەرچاوە: کاری توێژەران بەبەکارهێنانی بەرنامەی: Arc GIS V10.3 بەپشتبەستن بـە: وێنـەی دەسـتەی ڕوپێـوی جیۆلۆجی ئەمریکی(DEM 15M).

**ئەنجام**

١) ناوچەی لێکۆڵینەوە زیاتر لە شێوەی سێگۆشەیەکدایە کە بنکەکەی دەکەوێتە بەشی باکورو بە ئاراستەی باشور درێژ دەبێتەوە ، کە دەکەوێتە باکورو باکوری خۆرهەڵاتی پارێزگای هەڵەبجە و خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانیەوە، هەروەها لەڕوی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٣٥,٠٩,٤٣)و(٣٥,٢٣,٣٧)ی باکور و هێڵی درێژی (٤٦,٠٠,٢٦)و (٤٦,١١,٥٥)ی ڕۆژهەڵات ، بەشێوەیەك پێگەکەی دهکەوێتە بەشی باشوری هەرێمی ئاووهەوای ناوچە باکورییەکانەوە .

٢) گەشتوگوزار لە ئێستادا بەشێکی سەرەکی کەرتی ئابوری هەندێك لە دەوڵەتانی جیهان پێکدێنێت ، بەشێوەیەك کار دەکات لەسەر ڕاکێشانی دراوی بیانی قورس و گرانبەها لەگەڵ ڕەخساندنی هەلی کاری نوێ لەو کەرتانەی کە بەشێوەی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە گەشتوگوزارەوە هەیە و کاردەکەن بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری و ئاسانکارییە گەشتیارییەکان.

٣) شوێن و پێگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە شێوەیەکە ، کە خۆی بەشێك لە ڕووبەری پارێزگای هەڵەبجە پێکدێنێت و گەشتیارانی ئەم پارێزگایە بەئاسانی دەتوانن سەردانی بکەن، نزیکی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە پارێزگای سلێمانییەوە وایکردووە کە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیاری ئەم پارێزگایە سەردانی ناوچەکە بکەن ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی گەشتیارانی پارێزگاکانی تری هەرێم و عیراقیش سەردانی ئەم ناوچەیە دەکەن ، هەروەها ژمارەیەکی زۆری گەشتیاری ئێرانی سەردانی هەورامان دەکەن ، ئەویش بەهۆی بوونی چەندین دەروازەی سنووری لەگەڵ ناوچەکە لەلایەك بوونی ژمارەیەکی زۆری شوێنکەوتوانی تەریقەتی نەقشبەندی لە ئێران کە سەردانی خانەقاکانی تەوێڵەو بیارە دەکەن لەلایەکی ترەوە .

٤) بوونی ژمارەیەکی زۆر لە مەڵبەندە ئاینییە پیرۆزەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە وەك خانەقاکانی تەوێڵە و بیارە و باخەکۆن لەگەڵ بوونی چەندین بنەمای مێژوویی و شارستانی ئاماژەی بوونی ژیانن لە ناوچەکەدا لەدێرزەمانەوە ، ئەمانە یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاوی گەشتیار ساڵانە سەردانی ناوچەکە بکەن .

٥) لێکنزیکی کلتورو دابونەریت و ئاینی خەڵکی ناوچەکە و گەشتیاران یارمەتی ئەوەی داوە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕووی گەشتو گوزاری ئاینی و ڕۆشنبیرییەوە گەشەبکات ، بوونی فێرگەی ئاینی لە خانەقاکانی تەوێڵە و بیارە کە ژمارەیەکی زۆر لە فێرخواز و فەقێ لە خۆدەگرن بەشێکیان لە وڵاتانی ئێران تورکیا و پاکستانەوە هاتوون گەواهیدەری ئەو ڕاستیەن

**پێشنیار**

١) گرنگیدان بە گەشتوگوزار بەشێوەیکی گشتی و گەشتوگوزاری ئاینیی و ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی تایبەت لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ، چونکە هەورامان خاوەنی چەندین بنەما و پاشماوەی مێژوویی و ئاینییە و دەتوانرێت لە ڕێگەیانەوە چالاکی گەشتیاری پەرەپێبدرێت و لە ڕووی ئابوریشەوە سودێکی بەرچاوی ماددی بۆ دانیشتوانی ناوچەکە دەستەبەر بکرێت .

٢) هاندانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و لایەنی پەیوەندیدار بۆ وەبەرهێنان لەبواری گەشتوگوزاری ئاینیی و ڕۆشنبیری، چونکە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەوڵەمەندە بە ئەو بنەمایانەی کە بۆ گەشەپێدانی ئەم دوو جۆرەی

گەشتوگوزار پێویستن، لەگەڵ هەوڵدان بۆ دابینکردنی سەرجەم ئاسانکاری و خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لە ناوچەکەدا ، کە بتوانرێت خواستی زۆرترین گەشتیار دەستەبەر بکرێت .

٣) نۆژەنکردنەوە و فراوانکردنی خانەقاکانی تەوێڵە و بیارە و هەروەها دووبارە دروستکردنەوەی مزگەوتی گەورەی خورماڵ لەسەر شێوازە مێروویيە کۆنەکەی کە لە ئێستادا ڕوخێنراوە بەمەبەستی گەورەکردن و گۆڕانکاری لە پەیکەری گشتی مزگەوتەکەدا، هەروەها ناساندنی ئەم ناوچە ئاینییە پیرۆزانە بەگەشتیاران لەڕێگەی تابلۆی زانیاری و پۆستەر و پروشەر و ڕیکلامی ئینتەرنێت و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە .

٤) دروستکردنی ڕێگای هاتوچۆ و نۆژەنکردنەوەی ڕێگا کۆن و خراپبووەکان بۆ گەیشتنی گەشتیاران بەو بنەما مێژوویی وشارستانی و ئاینییانەی کە تائێستا ڕێگەیان نیە و گەشتیاران ناتوانن سەردانیان بکەن .

٥) هەوڵدان بۆ سڕینەوەی پاشماوەی جەنگ لە ناوچەکەدا بەشێوەیەکی گشتی و ناوچە گەشتیارییەکان بە تایبەت لەگەڵ پاککردنەوەی ئەو ناوچانەی کە مینرێژکراون تا دڵنیایی بدرێت بە گەشتیاران کە ژیانیان پارێزراوە.


**سەرچاوەکان**

**یەکەم : دامەزراوەو دەزگا حکومییەکان :**

١. جمهورية العراق، وزارة الثقافة و الاعلام، مديرية الاثار العامة، المواقع الاثرية في العراق، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٧٠.

٢. حكومة اقليم كردستان، لمحات من كردستان، المؤسسة العامة للسياحة، السليمانية، ٢٠٠٦ .

٣. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەڵەبجەی شەهید، ئاماری گوندەکان بۆ ساڵی٢٠١٢.

٤. الهيئة العامة للسياحة ، السياحة الدينية في اقليم كردستان ، مديرية الاعلام .

**دووەم : نامەی ماستەرو دکتۆرا :**

٥. القدومي ، حسان احمد صالح ، واقع و آفاق الإرشاد السياحي في فلسطين ، رسالة ماجستير ، كلية الدراسات العليا ، جامعة لنجاح الوطنية ، فلسطين، غير منشورة ، ٢٠٠٣.

٦. مارف ، شەماڵ علی ، بنەما جوگرافیەکانی پلاندانانی گەشتیاری لەقەزای هەڵەبجە ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠١٤ .

٧. مصطفی، ڕێباز لقمان ، توانستەجوگرافیەکانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لەقەزای پێنجوێن بە بەکارهێنانی GI S، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، بەشی جوگرافیا، ٢٠١٦.

**سێیەم : گۆڤار :**

٨. الحديثي ، محفوظ صالح و تغريد سعيد حسن، المدن الحضارية و اثرها في تطور حركة السياحة الثقافية في العراق، مجلة كلية الاداب ، المستنصرية، العدد ٤٠، ٢٠٠٢ .

٩. حمة عزيز، فيروز حسن ، جدل الانسان و الطبيعه فى هورامان (دراسة فى جغرافية السكان)، مجلة زانكوى سليمانى، عدد(٣٥)، ايار ٢٠١٢ .

١٠. محمد ،حسين قاسم ، محافظة خوزستان دراسة فى الجغرافية السياحية، مجلة الخليج العربى، المجلد(٤٣)، العدد(١-٢)، لسنة ٢٠١٥ .

١١. مصطفى، دڵشاد, گولعه نبەر مێژو خورماڵی ئەمڕو ,گۆڤاری خاك .ژماره ٧٤,ساڵی حەوتەم ,٢٠٠٣ .

١٢. یوسف ، عبدالرقیب ، قەڵاو شوراكانی زەڵم ، گۆڤاری مێژوو ، ژماره ١٨ ، چاپخانەی مناره ، هەولێر ، ٢٠٠٨ .

**چوارەم : كتێب :**

١٣. بەهمەنی ، هادی ڕەشید ، پەیامی هەورامان ، چاپخانەی بەدرخان ، چاپی دووەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ .

١٤. توفیق ،ماهر عبدالعزیز ، صناعة السیاحة، دار زهران للنشر والتوزیع، الاردن، ١٩٩٧ .

١٥. حەمە صالح، عیزەت فەتاح ، هەورامان (توێژینەوەیەكی سۆسیۆئەنترۆپۆلۆجی)، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦ .

١٦. حسین، شفیقة علی ، قەڵا دێرینەكانی كوردستان، بەرگی چوارەم، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕون سلێمانی، ٢٠١٠ .

١٧. الدباغ ، تقي ، مقدمة فی علم الآثار، منشورات دار الجاحظ، الجمهوریة العراقیة، ١٩٨١ .

١٨. الدبس ، ممدوح شعبان ،محاضرات في الجغرافیة السیاحیة ، كلیة آداب ، قسم جغرافیا ، خاص بمنتدى الجغرافییون العرب ، سوریا .

١٩. الدبس ، ممدوح شعبان ،محاضرات في الجغرافیة السیاحیة ، كلیة آداب ، قسم جغرافیا ، خاص بمنتدى الجغرافییون العرب ، سوریا .

٢٠. ڕشید، شیروان عمر ،بنەماكانی جوگرافیای سروستی و گەشەپێدانی گەشت و گوزار لە پارێزگای سلێمانی ، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی گوردستان ، چاپی یەكەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .

٢١. الرواشدة ، اكرم عاصف ، السیاحة البیئیة الاسس والمرتكزات ، دار الرایة للنشر والتوزیع ،الطبعة الاولى ، عمان ، ٢٠٠٩.

٢٢. الروبي ، نبیل ، التخطیط السیاحي، مؤسسة الثقافة الجامعیة، الاسكندریة-مصر، ١٩٩٧.

٢٣. الروبي ، نبیل ، نظریة السیاحة، مؤسسة الثقافة الجامعیة بالاسكندریة، الاسكندریة، ١٩٨٦ .

٢٤. ڕۆستەم، ئەیوب ، هەورامان لیكۆڵینەوەیەكی مێژوویی-كەلتورییە، بەرگی یەكەم و دووەم، چاپخانەی هیلین، چاپی دووەم، ٢٠٠٨.

٢٥. زەڵمی ، ئیبراهیم حاجی ، خورماڵ(لێكۆڵینەوەیەكی سۆسیۆئەنسرۆپۆلۆجی)، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، ٢٠٠٨ .

٢٦. الصیرفي ، محمد ، مهارات التخطیط السیاحي ،المكتب الجامعي الحدیث

٢٧. عبدالحكیم ، محمد صبحی و حمدي أحمد الدیب، جغرافیة السیاحة، مكتبة الأنكلوا مصریة، القاهرة، ٢٠٠١ .

**٢٨.** محمد ، عبدالرزاق عبدالرحمن ، سەربوردێكی هەورامان و سەردانێكی تەوێڵە، چاپخانەی مەهارات، تاران، ٢٠٠٥ .

٢٩. مدرس ، عبدالكریم ، دیوانی مەولەوی لەگەڵ لێكۆڵینەوەیەك ، چاپی یەكەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٦ .

٣٠. مدرس ، عبدالكریم ، یادی مەردان، چاپی یەكەم، بغداد، ١٩٨٣ .

٣١. المؤسسة العامة للتعلیم الفني والتدریب المهني ، سفر وسیاحة حجز خدمات سیاحیة -١٨٤ سفر ، المملكة العربیة السعودیة .

٣٢. هەورامانی ، محمد ئەمین ، مێژوویی هەورامان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی انتشارات بلخ، تهران، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠ .

**پێنجەم : چاوپێکەوتن :**

٣٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر محمد ڕۆستەم ، شارەزا لە مێژوی ناوچەکە ، دانیشتوی گوند ی زەڵم، ٢٠١٩/١/١٨ .

٣٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا سەید غەفور شێخ ئەحمەد نەقشبەندی ، پێش نوێژ و وتار خوێنی مزگەوتی خانەقای بیارە ، ٢٠١٣/١٠/١٨ .

**شەشەم : سەردانی مەیدانی :**

٣٥. سەردانی مەیدانی بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە ، ٢٠١٩/١/١٧ .

٣٦. سەردانی مەیدانی بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە، ٢٦ / ١ / ٢٠١٩ .

٣٧. سەردانی مەیدانی توێژەران بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەرواری (٢٠٠٩/١٢/٢٦).

**حەوتەم : سەرچاوە ئینگلیزییەکان :**

38. Christina Bonarou, HERITAGE TOURISM AND MUSEUM MANAGEMENT, Alexander Technological Educational Institute of Thessalaniki, Greece Department of Tourism Management, 2012.

39. Stephen Williams, Tourism Geography, Routledge Contemporary Human Geography, Taylor And Francis Group, fifth published, 2003.

40. Successful Tourism at Heritage Places, A GUIDE FOR TOURISM OPERATORS HERITAGE MANAGERS AND COMMUNITIES, AUSTRALIAN HERITAGE COMMISION.

41. The oxford Dictionary of current English, oxford university press, Amen House, London, 1984.